

# مالالا یوسف زای

## کچە شەڕڤانێکی تر لە سەنگەریی خوێنەواریی ژنانی نەتەوەکەیدا

هیوا مەریوان

## بچوکترین براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، لە قوتابییەکی سەرتایی سادەوە بۆ مامۆستایەکی جیهانی




**پێشەکی:**

**کچێکی زارۆ، خانمێك وەك نوور، لە نێو تاریکاییەکاندا درەوشایەوە. ئەو هەموو خووێندنەوەکانی توشی شۆك کرد. دەرککردن بە ئازادی و خواستی ئازادی، نەسنور دەناسێت، نەتەمەن، نە رەگەز دەناسێتو نە رێباز، ئەو کیژۆڵەیەك بوو، لەژینگەیەکی مەزهەبگەرای تاریك لەژێر هەڕەشەیەکی دژوارو دوور لە عەقڵ، بوو بە ئەزموونێکی مەزن.**

لەوەختێکدا نەیانهێڵا وەك هەژارێکی شیوێکی ئەو وڵاتە بچێتە بەرخوێندن، کەچی بوویە مامۆستایەکی بەئەزموون، بوویە قدوەیەکی لەیادنەکراو. جەسارەتی ئەو تەواوی دونیاو کۆڕو ئەنجومەنەکانی هێنایە دەنگ، جەسارەتی تیرۆریش دەستی برد بۆ تەقەکردن لە تەوقی سەری زارۆکان. ئەم نەبەردییە هەر بەردەوامە، نەبەردییەك کە عەقڵ دەیکاتو ململانێیەك کە ویژدانە بیمارەکان دەبنە لەمپەر لەبەردەمیدا. یوسفزای مالالا گەلێ وانەی لێدەخوێنرێتەوە، چیرۆکی ئەو کۆڵێ شەرمو خەتا دەلکێنێتەوە بە مێژووی تیرۆرەوە.

مالالا یوسف زای لە ناوچەی مینگۆری پاکستان لە رێککەوتی 12ی مانگی 1997 دا هاتۆتە دونیاوە، ئەو لەژینگەو ژیانێکدا هاتە دونیاوە کە وەیشومەی تیرۆر، تارمایی تاڵیبان هێشتا بە کەشکەلانی ئاسمانی وڵاتەکەیەوە دیاربوو. نەك هەر بزووتنەوەی تاڵیبان، بەڵکو چەندین گروپو پێڕی بناژۆی ئیسلامی بەعەقڵی تاریکەوە فەرهەنگی وڵاتیان کاوێژیی هزریی خۆیان دەکرد. ئەو هێشتا زارۆبوو کە ببوویە پارێزەرو پێناوی مافی خوێنەواری کچۆڵەکانی وڵاتەکەی، هەر ئەمەیش دەرهاویشتەی هەڕەشەو گوڕەشەکانی تاڵیبانی لێکەوتەوە کە بڕیاری مەرگی ئەم کیژۆڵە مەحسومەیان دا.

دوواجار لە رۆژی نۆهەمی مانگی ئۆکتۆبەری 2012 دا ، پیاوێکی راسپێردراو بە کوشتنی ئەم خانمە چکۆلەیە، لەساتە وەختی گەڕانەوەی لە قوتابخانەکەیەوە بۆ ماڵێ، ناوبراو دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە. لەئاکامدا مالالا نەمرد، بەڵکو ئەو رزگاری بوو. هێشتایش بەردەوامبوو لە بایەخدان، سوربوونی بە گرنگی پرۆسەی خوێندن، بەرقەراربوونی زانست لە نێو گرۆی کیژانی نەتەوەکەیدا. هەر ئەمەیشبوو وایکرد کە ناوبراو ببێتە کاندید بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ لە 2013دا، هاوکات لە ئەم ساڵیشدا کاندیدکرایەوەو دوواجار توانی خەڵاتەکە بباتەوەو ببێتە لاوترین کەسی براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی لە 2014 دا.

### دەستپێکی ژیانی مالالا یوسف

لە 12ی تەموزی 1997 هاتۆتە دونیاوە، ئەو لە مینغورای دۆڵی سوات لە پاکستاندا چاوی بەژیان هەڵهێناوە. ناوبراو وەختێ لە ڕۆژانی سەرەتای تەمەنیدا بوو، ناوچەکەی ببووە نێوەندێکی گەشتیاری دیارو بەرچاو، تەواوی ڤێستیڤاڵە وەرزییەکانی هاوین لەوێدا ئەنجامدەدران. هەرچەند کە هەوڵی تاڵیبان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیان، هۆیەك بوو تا لەتەمە بدات لەم نەزمی گەشتیاریو گۆڕانکاریی خراپ بەسەر ڕەوشەکەدا بێنێت.

### هەوەڵ چالاکی

یوسف زای هەر لەوکاتەوەی کە بابی بەناوی زیائەدین یوسفزای قوتابخانەیەکی کیژانی لە ناوچەکەیاندا کردبوویەوە خرایە بەرخوێندن. پاش ئەوەی بزووتنەوەی تاڵیبان دەستی دایە هێرشو هەڕەشە بۆ سەر ئەو قوتابخانانەی کە کیژان تێیدا دەیانخوێند. ئیدی زۆرێك لەخانەوادەکان لەوە سڵەمینەوە کە کیژەکانیان بنێنە بەرخوێندن.

لەبەرامبەر ئەم فەلسەفە تاریکەی تاڵیباندا، مالالای بچکۆلە لە سێپتەمبەری 2008دەستی دایە چالاکیو وتاردان بۆ هاوپۆلو هاوولاتییان. ئەو لە ناوچەی سواتی پیشاور، لەیەکێك لە وتارەکانیدا لەژێر ناونیشانی تاڵیبان چۆن دەتوانێت سادەترین مافی خووێندنمان زەوت بکات؟ دەستی دایە چالاکییەکانی. ئەو لەدەستپێکی 2009 شدا دەستی دایە لێدوان بۆ سایتو ماڵپەڕەبەناوبانگەکان، لەوانە لە لێدوانیدا بۆ ماڵپەڕی بیبیسی باسی لەڕەوشی تاریکی کچانو هەڕەشەی تاڵیبان کرد بۆ زەوتکردنی سەرەتاییترین مافی خوێنەوارییان. ناوبراو لەلێدوانەکانیدا بەناوی خوازراوی گوڵ مەکەیی و لەترسی چاودێرانی سەرئازادییەکانی نوسینەکانی خۆی بلاودەکردەوە. بەڵام لەو لێدوانەیدا بۆ بی بی سی ناوەکەی شوناسی ئاشکراکرابوو.

بەڵام یوسفزای کۆڵینەداو لەگەڵ بەربلاوبوونی سەکۆی هاوارو هیواکانی بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی، مافی خانمانی وڵاتەکەی بۆ خوێندن هەر بەردەوامبوو. تادوواجار کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نێونەتەوەیی ئاشتی بۆ منداڵان لە ساڵی 2011 دا. هەر لەهەمان ساڵدا توانی خەڵاتی ئاشتی نیشتیمانی بۆ لاوانی پاکستان بەدەستبهێنێت.

### بەئامانجگیرانی لەلایەن تاڵیبانەوە

یوسف زای وەختێ تەنها تەمەنی 14 ساڵان بوو، خۆیو خانەوادەکەی لەو ڕاستییە گەیشتن کە دەسەڵاتدارانی تاڵیبان بڕشیاری کوشتنو مەرگی کیژۆڵەکەیان داوە. هەرچەند کە یوسفزای ئێجگار لە سەلامەتی بابی دەترسا، چوونکە ئەو یەکێك بوو لە چالاکوانەکانی دژ بە تاڵیبان، چوونکە لەسەرەتاوە مەم یوسف زایو هەمیش خانەوادەکەی، پێیان وابوو گرووپە فەندەمێنتالیستەکان دەستیان ناچێتە ئازاردانی زارۆیانو تائەو ڕادە دڕندانە بیرناکەنەوە، هەربۆیە لەخەمی سەلامەتی بابیاندا بوون، بەڵام کار گەیشتە ئەوەی تا لە 9ی ئۆکتۆبەری 2012 دا وەختێ کە

> **لەبەرامبەر ئەم فەلسەفە تاریکەی تاڵیباندا، مالالای بچکۆلە لە سێپتەمبەری 2008دەستی دایە چالاکیو وتاردان بۆ هاوپۆلو هاوولاتییان. لەیەکێك لە وتارەکانیدا لەژێر ناونیشانی تاڵیبان چۆن دەتوانێت سادەترین مافی خووێندنمان زەوت بکات؟ دەستی دایە چالاکییەکانی**

یوسفزای بە سواری ئۆتۆبوسێك لەرێگەی قوتابخانەدا بۆماڵێ دەگەرایەوە، هەر لەوێ پیاوێك دەپرسێت یوسفزای کام لە کچەکانە، ئیدی هاورێکانی ئاماژە بەو دەدەن. بەمجۆرە کابرا گوللەیەك دەنێت بە سەری یوسفزای‌و لە لای ملییەوە دەردەچێت، هاوکات دوو لە هاورێی کچەکانیشی زامدار دەکات. بەمجۆرە تەقەکەرەکە یوسفزای لەرەوشێکی دژوارو خوێناویدا جێدەهێڵێت‌و هەڵدێت. ئیدی ئەویش دەبرێتە خەستەخانەیەکی سەربازی لە پیشاور دا. برینی یوسفزای سەخت‌و دژوار بوو، بەجۆرێك بەشێك لە کەللەی سەری ببوویە مایەی زامێك لە مێشکیدا، هەربۆیە دکتۆرەکان ئەویان رێنوێنی کرد تا برایە نەخۆشخانەی بێرمینگهام لە وڵاتی ئینگیلتەرادا.

**پاش هێرشەکە**

یوسف زای چەندین نەشتەرگەریی کرا، ئەوە پاش ئەوەهات کە لە کۆما رزگارکراو جوانکاری بۆ رووی کرا. دوواتر کە زۆربەی دەماری پێوە نەبوو، بەتەواوی ئیدی بەرەو باشبوون چوو، بەجۆرێك بۆ هەوەڵجار لە ئازاری 2013 دا توانی بچێتەوە بەرخوێندن لە بێرمینگامی بەریتانیادا.. دیارەکە ئەم تیرئەندازییە بۆ کوشتنی یوسف زای، هۆیەك بوو تا پشتیوانی و هەیەجانی رێکخراوەکان‌و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرەو لای ئەو رابکێشێت، لەمیانی چارەسەرییەکەیدا ئەم دەنگدانەوەیە درێژەی کێشا. بەجۆرێك پشتیوانی کرا کە لە شازدەهەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونیدا لە 2013 دا وتاری لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا خوێندەوە. هاوکات لە ژیاننامەکەیدا بەمجۆرە تیشکی خرایە سەر کە: من یوسفزای مالالام، ئەوەی بەرەنگاریمکرد لەپێناو خوێندنداو تاڵیبان تەقەیانلێکردم. ئەمە لە ئۆکتۆبەری 2013دا دەڵێم، بەداخەوە تاوەکو ئێستایش لەلایەن تاڵیبانەوە بەئامانجگیراوم.

بەمجۆرە سەرەرای هەرەشەی تاڵیبان ئەو هێشتا بەرگریکاری سەرسەختی هزرو هێزی فێرکردنی کچانی وڵاتەکەیەتی. لە 10ی ئۆکتۆبەری 2013 دا لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە خەڵاتی ساخرۆفی بۆ ئازادی هزر پێبەخشرا. هاوکات لەهەمان ساڵدا کاندیدکرا بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو تاوەکوو لە ئازاری 2014 دا دیسانەوە کاندیدکرایەوە.

لە مانگی هەشتی 2014 دا لەلایەن شیریل ساندبرجەوە گفتوگۆ یە کی زیندووی بۆ



مالالا یوسف زای

ڕێکخرا، تێیدا ئەو چیرۆکی خۆی گێڕایەوە، گفتوگۆکە لەبارەی بایەخی فێرکاری ژنانەوە بوو لە جیهاندا. ئەو خواستو خولیای داهاتوو، پلانی خۆی بۆ هەمووان خستە ڕوو، ئەم دیدارە کاریگەریی زۆری هەبوو لە هەموو دنیاوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا مشتومڕو پرسو جۆی بەدوای خۆیدا هێنا. دوواجار لە ئۆکتۆبەری 2014 توانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەربگرێت. هاوڕێ لەگەڵ چالاکوانی بواری مافی منالانی هندی کایلاش ساتیارسی کە ئەو خەڵاتەی پێدرا. بەمجۆرە لەتەمەنی 17 ساڵیدا ئەو بوویە زارۆترین کەس کە توانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەستبهێنێت. لە میانی پیرۆزباییکردن لە یوسفزایدا سەرۆك وەزیرانی پاکستان نەواز شەریف وتی: ئەو مایەی شانازی پاکستانە، ڕۆڵەکانی وڵاتەکەی سەربەرز کردووە، دەستککەوتەکەی ئەو نەوێنەی هەبووە، نەوێنەی دەبێت. پێویستە کوڕانو کچانی جیهان چاو لەخەباتو خولیای ئەو بکەن. هاوکات بانکیمۆنی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان، وا پێناسەی ئەوی کرد کە پارێزەرێکی بەرزو ئازای ئاشتییە. ئەو سەرەڕای ئەوەی بهێڵن خوێندکارێکی سادەبێت و بچێتە بەرخوێندن، بەڵکوو بوویە مامۆستایەکی جیهانی.

هەموو ئەو چیرۆکانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە چەندە هەقیرە هزرو هۆشێك، کە چارەنوسی نەوجەوانو زارۆکانی گلاندووە لە ڕەقرەفتاریی و تاریکی ئایدیۆلۆژیا. ڕاستە ئێستە یوسفزای بووەتە مامۆستاو بووەتە ئیلهامبەخشێکی جیهانی، ئەو هێماو ڕەمزەی بەرەنگاری سروشتی مرۆڤەکانە بۆ ئاشتیو ئازادیو زەین ڕۆشنی. ئەوە تەنها نموونەی هەستێکە، کە لە 11 ساڵییەوە بانگی هەڵداو بەرەو ڕووی تاڵیبان داوای کرد کە کچان مافی خۆیانە بخوێنن، هەر لە نیۆرۆك تایمزەوە تا بی بی سی و تا ڕێکخراوەکانی پاکستان بوونە هاودەنگی.

کار گەیشتە ئەوەی وەك باسکرا غافڵکۆژی کەن. ئەو لە نوسینەکانیدا بەم جۆرە دەڵێ: ئەو ڕۆژەی لێیاندام، ئیدی ئەو ڕۆژە هیوایشیان پێدام بۆ داهاتووم. ئەو دەگێڕێتەوە چۆن بە خولیای چوونە قوتابخانە شەوانی ڕۆژکردووەتەوە، چۆن لەماڵە هەژارەکیانەوە جوانییەکانی دەرەوەی لەقوتابخانەو لەتێکەڵی هاورێکانیدا بینیوە، چۆن ئازارێك هەمیشە وەك تارمایی بەشوێن هیواکانیدا هاتووە. نموونەی ئەو نموونەیەکە لەبەرخودانی نەوجەوان، ئەوەی ئەمڕۆ، کە چۆن بەدەست ئایدیای سیاسی مەزهەبیو نەریتی سوواوەوە لەتەی لەبەردەم دروس دەبێت. چیرۆکی ئەم خانمە بچکۆلەیە ئەمڕۆ چیرۆکی سروشتی مرۆڤە دژ بە ساختەکاری ئایدیا ژەنگاوییەکان، وانەیەکە بۆ هەموو ئەو بڕوا مەزهەبیانەی دژ بەجوانی ڕۆشنبیری، کتێب، عەقڵی کچان، ژنانو زارۆیانن.

ئەو فەرهەنگەی کە دەیەوێت عەقڵ بوەستێنێت، مەرجەعە ڕۆشنبیرییەکەی خۆی لەتاریکییەوە سەرچاوە دەگرێت، دواجار بەزارۆیەك توشی ئیحراجی دەبێت. تێگەیشتنی زارۆیەك قوڵترە لەو تێگەیشتنانەی کە چەندین سەدە لە گێژاوی هزری خۆیاندا چەقبەستوون. دیارە کە بزووتنەوەی تاڵیبان لە بەشێکی بەرینی ئەفغان، زۆرێك لەسنوورەکانی

**سەرەڕای هەرەشەی تاڵیبان ئەو هێشتا بەرگریکاری سەرسەختی هزرو هێزی فێرکردنی کچانی وڵاتەکەیەتی. لە 10ی ئۆکتۆبەری 2013 دا لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە خەڵاتی ساخرۆفی بۆ ئازادی هزر پێبەخشرا**

پاکستاندا دارای شوێنکەوتووگەلێکی فریودراوی مەغز شـۆراوە. ئەمڕۆ نموونەی هێزێکی توندی ئیسلامییە، دیارترین ڕەمزو روئیای تیرۆرن لەم سـەردەمـەدا. ئەم گروپانە لەگەڵ ئەوانی دی کە ئیسلامیزمی سیاسی دەیانجولێنێت، لە ئەمڕۆشدا وڵاتی ئێمەی پێگیرۆدەیە.

گەر لەوێدا رێی قوتابخانە و دەرێ لە کچان بگرن، لێرەیش تەنها لە ماڵەکانیش ناهێڵن بمێننەوە، بەڵکو لە کۆشی خێزانو ئارامی ماڵیش بێبەشیان دەکـەن، وەك سەبایاو بارمتەو کەنیز دەیانبەنو لەبازاڕەکان دەیانفرۆشن. مککاهییەتی ژن لەلای ئەم وەرەمە هزرییەی بناژۆکان تەنها ماهییەتی جەستەیە، جەستەیەك ب خاڵی کردنەوەی حەزوو ئـارەزوو، چوون لەو پێودانگەوەی کە هیچ دێرێکی خۆنەواری بەعەقڵی ژن رەوا نەبینرێت، لەو پێودانگەوە کە پیاو گورگی سەر جەستەی کیژانەو نابێ لەماڵ بێنە دەرێ، تێدەگەین چ جەهەنەمێکی نەوس لە هەگبەی بناژۆکانە بۆ ئافرەتو ژن. یوسف زای گەلێ موعەمای ئەم گروپەی کەشفکرد، پێی وتین کە جیهان دەبێ بزانێت هێزێك هەیە کە دەیەوێت ژن لـەچـواردەوری دیـواردا بێت، رفاندنی کیژانی شەنگال پێیان وتین کە ژن ئالەتی بازرگانیو مومارەسەی جنسەو بەس.

هەربۆیە قەڵەمی مالالای روو بە تاڵیبان، چەکی شەرڤانێکی کچی کوبانێ دژ بەتاڵیبانو داعـش، لە سۆنگەی لۆژیکی ئەمڕۆوە خەڵاتی ئاشتیان دەرهەق دەکرێت. پێناسی کچانی دیـلـی ئـەم رۆژهـەڵاتـە ئەمڕۆ پێناسی وەستانە. کچانی ئەمڕۆ وەك چۆن نایانەوێ پیاوان بیانچەوسێننەوە، مەزهەبی پیاو سالاری گیرۆدەی ماڵیان بکات، بەو جۆرەیش نایانەوێت، پیاو پارێزەرو پێناویان بێتو دەستیان بگرێت، بەڵکو وەك چـۆن لـەوێ کچێك دەبێتە سومبولی وەستانەوە بەرووی تاریکییەکانداو دەبێتە رەمـزو مامۆستای قوربانیدانو چالاکییەکانی بـەرگـری لـە عـەقـڵو قوتابخانەو خوێنەواری، لێرەیش کچانی کورد بۆ خۆیان چەك هەڵدەگرن، دەبنە سـومـبـولو سـیـمای بـەرگـری لە هەستو هەۆشو هێماکانی مرۆڤ بوونیان، چوونکە وەسفو ئیعجابی دونیاو ناوەندەکانی میدیا، بایەخیان بە ئـازایـەتـیو شکۆو نەجابەتی کیژانی کورد لەم رۆژانەی بەرگری لە کۆبانێدا بینرا. بینرا چۆن لێرەیش کچان بۆ خۆیان جەنگی تاریکییەکان دەکەن. ماوەتەوە بڵێین تا عەقڵەکان تاریکتربن، تروسکاییەکانی ئومێدو رووناکییەکانی هزرو هۆشی خانمان بەتینترو روونتر دەردەکـەون. ئیدی وەختی ئەوە هاتووە کچانو ژنان ئەزموونەکان بکەنە ئاداتی ستراتیژی خـۆیـان بـۆ رووبـەرووبـوونـەوەی هەر هێمایەکی ژەنگگرتووی ئەم واقیعەی کە بۆ مرۆڤایەتی دەخوازن.

**سەرچاوە:**

1-Ellick, Adam B. and Ashraf, Irfan (29 October 009). «Class Dismissed». The New York Times (documentary). Retrieved 11 October 2012

http://www.biography.com/people/malala-yousafzai-213622532-